# شیکردنەوەی شوێنی بۆ ڕۆڵی توانستی ژن
# لە بواری خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەڕین

**م.ی. ڕۆشنا محمد احمد**
roshna.mohammed@uor.edu.krd
**پ.ی.د. فاطمة قادر مصطفى**
زانکۆی ڕاپەرین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا.
fatma.qadr@uor.edu.krd

**پوختە:**

ژنان هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە هەموو بوارەکاندا لە کۆمەڵگادا، کە شان بەشانی پیاوان ڕۆڵیان هەبووە لە نوسین و شعرو هونەر و جەنگ و کارکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و بەرپرسیاریەتی پەروەردە کردنی نەوەکانی داهاتوو، لە ئێستاشدا گومانی تێدا نییە کە کە ئافرەتی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگادا، کە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەو ەو لۆژیك و فێرکردن لە کۆمەڵگادا. بۆیە ژنان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بنیاد نانی کۆمەڵگادا کە ناتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت.

هاوکات بوونی ژنانیش لە خویندنی باڵادا وەکو و مامۆستا و تویژەر، هەر لەسەرتای دامەزراندنیانەوە بە گرنگ دادەنرێت، چونکە ژنان بەشێکی دانەبڕاوەن لە کۆمەڵگادا و بە بەردی بناغەی گەشەپێدانی بەردەوام دادەنرێن، لەبەرئەوەی بەهرەمەندبوونی ژنان بەتایبەت لە خوێندن و ئەو بڕوانامانەی کە بەدەستی هێناوە بۆ گەشەپێدان و کەسایەتیەکەی تێڕوانینەکانی فراوانتر دەکات و ئەمەش وادەکات بەرپرسیاریەتیەکانی جێبەجێ بکات لە بواری فێرکردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەش کە تایبەتە بە شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ ڕۆڵی ژن لە بواری خزمەتگوزاری فێرکردن ، تیایدا باس لە ڕۆڵی ژن دەکرێت لە زانکۆی ڕاپەڕین.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تاوتوێی بابەتێکی گرنگ دەکات کە ئەویش ڕۆڵی ژنە لە بواری خزمەتگوزرای فێرکردن لە زانکۆی ڕاپەڕین.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی ژنە لە بواری خزمەتگوزاری فێرکردن، هەروەها دەرخستنی ورد و زانستی بەشداری کردنی ژنە بە داتا لە بواری فێرکردن لە زانکۆدا، لەهەمان کاتدا خستنەڕوی ڕۆڵی ژنان هاوشانی پیاوان لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزرای فێرکردن لە زانکۆی ڕاپەڕین.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کلیلی ووشەکان: ژن، خزمەتگوزاری فێرکاری، توانست، زانکۆی ڕاپەرین.

**پێشەکی:**

ئەمڕۆ ژنان بە تەوەرێکی گرنگی گەشەسەندن لە کۆمەڵگا دادەنرێن، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەمیشە نوێنەرایەتی ڕەهەندە بنەڕەتیەکانی لە گەشەسەندنی مرۆڤدا کردووە، چونکە لە بەرامبەردا بەشدارییان لە گرنگیدان بە خێزان و پاڵپشتیکردن و ڕێنماییکردنی خێزان و پەروەردەکردنی نەوەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری خێزانی خۆیان کردووە، بۆیە لە گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتیدا پایەی گەشەسەندن بوون. کاتێک دەرگای بۆ کرایەوە لە فێربوون و بەشداریکردنی خۆی لە بوارەکانی تردا، توانای ڕاستەقینەی خۆی بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن سەلماند، هەروەها توانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت لە هەموو شوێنێکدا، وە بەربە ستی شکاند لە نەبوونی متمانەپێکراوی لە توانا و وزەکانی ژنان، و زاڵبوون بەسەر ئەو تێڕوانینە سنووردارەی کە بۆ سنووردارکردنیان بەکاردەهات، وەک چۆن توانی پارێزراوبێت لەسەر تایبەتمەندی خۆی و پاراستنی ناسنامەکەی، پێشکەوتن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵگاکەی تێکەڵ کرد.

گومانی تێدا نییە کە "پەروەردەی ژنان و کچان یەکێکە لە باشترین وەبەرهێنانەکان بۆ داهاتوو، جا ئامانجەکە باشترکردنی باری تەندروستی خێزانەکان بێت، یان زیادکردنی ژمارەی منداڵانی ناونوسین لە قوتابخانەکان، یان باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەوڵەکانی کۆمەڵگا وا دەکات کە تاجی سەرکەوتنیان لەسەر نابێت جگە لە پەروەردەکردنی دایکان و باشترکردنی بارودۆخی ژنان بەگشتی.

**گرنگی توێژینەوە:**

وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو قەوارە و کۆمەڵانەی بەرپرسن لە ڕاهێنان و شایستەکردنی ژنانی ناوچەکە دەتوانن سوودمەند بن لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری جێبەجێکردنی خوێندنی دەرەوە و توانایان لە سیستەمەکاندا کە بۆ ژنان دیاریکراون.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تاوتوێی بابەتێکی گرنگ دەکات کە ئەویش ڕۆڵی ژنە لە بواری خزمەتگوزرای فێرکردن لە زانکۆی ڕاپەڕین.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی ژنە لە بواری خزمەتگوزاری فێرکردن، هەروەها دەرخستنی ورد و زانستی بەشداری کردنی ژنە بە داتا لە بواری فێرکردن لە زانکۆدا، لەهەمان کاتدا خستنەڕوی ڕۆڵی ژنان هاوشانی پیاوان لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزرای فێرکردن لە زانکۆی ڕاپەڕین.

**کێشەی توێژینەوە:**

١. ئایا فێرکاری لە لایەن ژنەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە گەشەپێدانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆدا؟

٢. ئایا خزمەتگوزاری فێرکاری دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەسەندنی ژنانی ناوچەکە؟

٣. گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەسەندنی فێرکاری ژنان لە خوێندنی باڵادا چین؟

٤. میکانیزمی پێشـــنیارکراو بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە بواری خوێندنی باڵادا بۆ گەشـــەپێدانی ژنانی ناوچەکە چییە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١. پرۆسەی فێرکردن لە لایەن ژنەوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە گەشەپێدانی خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆدا.

٢. خزمەتگوزاری فێرکاری دەکرێت هۆکارێك بێت بۆ گەشەسەندنی ژنانی ناوچەکە.

٣. گەشەسەندنی پرۆسەی فێرکاری ژنان لە خوێندنی باڵادا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە.

٤. چەندین میکانیزمی پێشـــنیارکراوهەیە بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە بواری خوێندنی باڵادا بۆ گەشـــەپێدانی ژنانی ناوچەکە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ نوسینی ئەو توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستراوە بۆ مەبەستی دەرخستنی توانای ژنان لە بواری خزمەتکردنی فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەریندا.

**پلانی توێژینەوە:**

**تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پێناسە و چەمك و زاراوەکان**

یەکەم: شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

دووەم: پێناسە و چەمك و زاراوەکان:

**تەوەری دووەم: گەشە کردنی زانکۆی ڕاپەڕین و توانستی ژن لە خزمەتگوزاری فێرکاریدا:**

یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی زانکۆی ڕاپەڕین

دووەم: توانستی ژن لە خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەڕین

**تەوەری سێیەم: توانستی ژن و بەربەستەکانی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەرین.**

**تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و پێناسە و چەمك و زاراوەکان:**

لەم تەوەرەدا باســـی ناســـاندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و هەندێك لەو پێناســـە و چەمك و زاراوانە دەکەین کە پەیوەندیان هەیە بە بابەتی توێژینەوەکەمان.

**یەکەم: شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

بەشـێوەیەکی گشـتی لە توێژینەوەکانی جوگرافیادا، شـوێنی جوگرافی گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت، چونکە شـوێن بریتییە لە دەرخســتنی جوگرافی ناوچەیەك کە لە هەموو کاتیکدا کاریگەری هەیە، شــوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوەش بریتییە لە زانکۆی ڕاپەڕین کە دەکەوێتە باشــوری خۆرئاوای شــاری ڕانیە کە ســەنتەری کارگێڕی قەزای



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕانیەیە نەخشەی ژمارە (١)، لەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە زانکۆی ڕاپەڕین دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (˝٥١ : ¯٣٣ : ˚٣٦ ) و (˝٠٦ : ¯١٤ : ˚٣٦ )ی باکوورو هەردوو هێڵی درێژی ( ˝١٥ : ¯١٩ : ˚٤٤ ) و (˝٢٢ : ¯٥١ : ˚٤٤)ی خۆرهەڵات، لەم باسەدا وەك سەرەتایەك بۆ چونە ناو کرۆکی بابەتەکە پێویستە شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە بکەین.

شـاری ڕانیە یەکێکە لە شـارە گرنگەکانی هەرێمی کوردسـتانی عێراق، کە سـەنتەری کارگێڕی (قەزای ڕانیەیە) کە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی قەزاکە. نەخشەی (٢).


لە ڕووی جوگرافیەوە شـاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێڕاق و هەرێمی کوردسـتانی عێراق، بەگوێرەی پارێزگای سـلێمانیش دەکەوێتە بەشـی باکوری خۆرئاوای پارێزگای سـلێمانی، نەخشـەی (٣). لەڕوی شـوێنی ئەسـترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ( ˝٣٠ : ¯١٢ : ˚٣٦ ) و (˝٥ : ¯١٧ : ˚٣٦ )ی باکوورو هەردوو هێڵی درێژی ( ˝٣٠ : ¯٥٤ : ˚٤٤ ) و ( ٥ : ¯٥١ : ˚٤٤)ی خۆرهەڵات.

شـــاری ڕانیە بەچەند یەکەیەکی کارگێڕی دەورە دراوە، بەجۆرێك لە باکوریەوە ناحیەی ســـەرکەپکانە و لە ڕۆژهەڵاتیەوە قەزای پشـــدەرە، هەروەها بەشـــی باشـــوری بریتیە لە دەریاچەی دوکان لەگەڵ هەریەك لە ناحیەکانی چوارقوڕنە و حاجیاواو بێتواتە کە دەکەونە بەشی خۆرئاوایەوە، (تۆفیق، ٢٠٠٩، ل٥).

ســـەبارەت بە بەرزی و نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە، شـــاری ڕانیە کە یەکێکە لە شـــارەکانی ناوچە شـــاخاویەکان، دەکـەوێتـە نێوان هێڵی بـەرزی یـەکســـانی (٥٤٩- ٧٢٤م) لـە ئـاســـتی ڕوی دەریـاوە، لـەڕوی دابـەشـــبونی لایـەنـە تۆبۆگرافیەکانەوە ئەو ڕوبەر زەویەی کە شـاری ڕانیەی لەسـەر بنیاد نراوە بریتییە لە دەشـتی بیتوێن، کە ئەم دەشـتە دەکەوێتە لای باکوری زێی بچوك لەم ناوچەیە شێوەیەکی کەوانەی وەرگرتووە، بەم شێوەیە شارەکە هەردوو خەسڵەت و تایبەتمەندی ناوچەی (شاخاوی و دەشتای) وەرگرتووە، کە بەشی باشوری پێك هاتووە لە دەشت و بەشی باکوریشی پێکهاتووە لە ناوچەی شاخاوی، (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل١٤).

لە ڕوی ژمارەی دانیشـتوانەوە شـاری ڕانیە، یەکێکە لە شـارە گەورەکانی سـەر بە پاریزگای سـلێمانی، کە ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی (٢٠٢٠) نزیکەی (١٠٧٨٣٣) کەس بووە، کە ڕێژەی (٧,٤%) دانیشتوانی پارێزگای سلیمانی و (١,٧%) دانیشتوانی هەریمی کوردستان پێك دەهینێت.


نەخشەی (١) نەخشەی زانکۆی ڕاپەڕین بەگوێرەی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:١- ArcGis ArcMap ١٠,٥.

٢- بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، داتای تایبەت بە گەڕەکەکانی شاری ڕانیە، داتای بڵاونەکراوە ، ٢٠٢٢.


نەخشەی (٣) نەخشەی کارگێڕی قەزای ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:١- ArcGis ArcMap ١٠,٥.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS ، نەخشەی قەزای ڕانیە بەپێی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣.

نەخشەی (٢) شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی وهەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:١- ArcGis ArcMap ١٠,٥.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS ، نەخشەی شاری ڕانیە بەپێی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣.

### دووەم: پێناسە و چەمك و زاراوەكان:

لەم با سەدا هەوڵدەدەین بە شێك لەم چەمك و زاراوانە ڕونبكەینەوە كە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەكەمانەوە هەیە، لە گرنگترین ئەم چەمك و زاراوانەش ئەمانەن:

**خزمەتگوزاری:**

خزمەتگوزاری بە مانای ئەو چالاکیەدێت کە وڵات یان کەرتی تایبەت دابینی دەکەن، بەمەبەستنی بەدەستهێنانی سودێکی دیاری کراو، بۆ تێرکردنی پێداویستی و ئارەزوەکانی خەڵك، دابین کردنی سودی زانستی و تەندروستی و هزری و دەرونی و جەستەی و ژینگەی و تەکنەلۆژی بۆ مرۆڤ، کە بەشدار دەبێت لە بەدیهێنانی داخوازیەکان و بەرزکردنەوەی توانستی خزمەتگوزاریەکە، لە ڕیگەی دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان، کە زادەی بەدیهێنانی تەندروستی و ئارامیە (مصطفی، ٢٠٢٠، ل١٨).

**فێرکردن:**

خزمەتگوزاری فێرکردن بنەمایەکی سەرەکیە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان و دواکەوتنی کۆمەڵگایە، بوونی کادیری زانستی و تەکنیکی و پیشەی کە یارمەتیدەرن لە بنیادنانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژی پشت بە فێرکردن دەبەستێت، بۆیە هەر وڵاتێك لە هەر بوارێکدا بیەوێت پێش بکەوێت پێویستە بە فێرکردن دەست پێبکات. خزمەتگوزرای فێرکردن یەکێکە لە خزمەتگوزاریە گرنگەکان چونکە کۆمەڵگاکان لە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوارەوە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە ڕووی زانستی و تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیریەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە فیرکردن تەنها خوێندنەوەو نوسین نیە بەڵکو ڕۆشنبیری و شارستانیەتیشە. (مصطفی، ٢٠٢٠، ل١٦٥).

**زانکۆ:**

زانکۆ بریتییە لە دەزگایەکی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە لە چەندین بواری جۆراوجۆر نمرەی ئەکادیمی دەبەخشێت، یاخود دەزگایەکی زانستی ئەکادیمییە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراودا کارو ئەرکی ڕۆشنبیری خۆی جێبەجێدەکات، لەم ڕووەوە زانکۆ بە شێکە لەم سیستەمەی کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، بۆیە بە یا ساو ڕێساو کەلتوری ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە پابەندە (صالح، ٢٠١٦، ل١٨٠).

**ڕاپەڕین:**

یەکێك لە ڕوداوە گرنگ و مێژوویەکانی شاری ڕانیە و دەڤەری ڕاپەڕین، بریتیە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١) کە لە ڕۆژی (٥)ی ئازاردا، کە بۆیەکەمجار لە شاری ڕانیەوە جەماوەری خەڵکی کوردستانبە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاپەڕین و سەرکەوتنێکی مێژووی گەورەیان تۆمار کرد، کە بووە هۆی ڕزگاربوونی بە شێکی زۆری با شوری کوردستان، ئەم ڕوداوە مێژووییەی شاری ڕانیە وای کرد کە نازناوی دەروازەی ڕاپەڕین بەو شارە ببەخشێت، چونکە یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین لەوێ سەری هەڵدا، (سەلیم، ٢٠٠٧، ل٣).

**تەوەری دووەم: گەشە کردنی زانکۆی ڕاپەڕین و توانستی ژن لە خزمەتگوزاری فێرکاریدا:**

لەم تەوەرەدا باس لە مێژوی دروست بوونی زانکۆی ڕاپەڕین و گەشەکردنی دەکەین و هەروەها هەوڵدەدەین توانستی ژن لە خزمەتگوزرای فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەڕین بخەینەڕوو.

**یەکەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی زانکۆی ڕاپەڕین:**

پاش کردنەوەی زانکۆی کۆیە لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، کۆلێژی (زانستە مرۆڤایەتیەکان) وەك پێویستیەکی بابەتی لەشاری ڕانیە کرایەوە، کە لەو کاتەدا لە سێ بەش پێك هاتبوو ئەوانیش (مێژوو، جوگرافیا، زمانی عەرەبی)، دواتر هەمان ساڵ (کۆلیژی زمان) لە شاری قەڵادزێ کرایەوە، و بەشی (زمانی عەرەبی) و کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانیشی خرایەسەر.

هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٥) بەشی (فەلسەفە) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کرایەوە، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٨) کۆلێژی (پەرستاری) لە شاری ڕانیە کرایەوە، کە ئەویش سەر بە زانکۆی کۆیە بوو، پاشان لە ساڵی (٢٠٠٩) بەشی (ئینگلیزی) لە کۆلێژی (زمان) کرایەوە، هەروەها هەمان ساڵ لە شاری ڕانیە کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەت) کرایەوە، کە بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، کۆمپیوتەر و ماتماتیك) لەخۆدەگرت.

لەڕاستیدا زیادبوونی بەش و کۆلێژەکان لە ناوچەکەدا ڕێگەخۆشکەربوون بۆ کردنەوەی زانکۆیەکی سەربەخۆ لە دەڤەری ڕاپەڕین (پشدەرو بیتوێن)، ئەمەش لەگەڵ کردنەوەی زانکۆکانی (هەڵەبجە و زاخۆ و گەرمیان) کە پاڵپشت بوو بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦٧٠) لە (٨-٧-٢٠١٠) بڕگەی یەکەمی (ماددەی حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)، دواتر ئەنجومەنی زانکۆ ڕۆژی (٤-٤)ی هەموو ساڵێکی وەکو (ڕۆژی زانکۆی ڕاپەڕین) پەسەند کرد.

یەکەمین خولی دەرچوانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی خوێندنی (٢٠١١- ٢٠١٢) دا بووە، ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) دا خولی دووەم و لە ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) ش خولی سێیەمی دەرچوان بەڕێوە چوو، لەو خولانەی دەرچونیشدا لە زانکۆی ڕاپەڕین سەدان خوێندکار لە پسپۆریە جیاوازەکاندا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەست هێناوە.

لە ئێستادا زانکۆی ڕاپەرین پێك هاتووە لە (شەش) کۆلێژ ئەوانیش (ئەندازیاری شارستانی، کۆلێژی زانست، پەروەردەی بنەڕەت، زانستە مرۆڤایەتیەکان، پەروەردە، سامانی ئاژەڵ و باخداری).

**دووەم: توانستی ژن لە خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەڕین:**

پەروەردە بە یەکێک لە پایەکانی پرۆسەی گەشەپێدان دادەنرێت کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک سوود دەگەیەنێت بە ئاستی گەشەپێدانی تاکەکان، هەروەها گەشەپێدانی نیشتمانیش لە هەمان کاتدا بەدەست دەهێنێت. پەروەردەی ژنان ئاکارێکی تایبەتی گەشەسەندنی هەیە، بەو پێیەی دەستکەوتی زیادە دەهێنێت کە بە ناچاری سێبەر دەخاتە سەر خۆبەهێزکردنی ژنان و خێزان و کۆمەڵگا. لە نێو هەمان دەستکەوتەکان؛ ئازادکردنی وزە داهێنەرە شاراوەکانیان بەهۆی کولتوور و داب و نەریت سەری هەڵداوە، کە لە یاداشتی کاری ناوماڵ و دەرئەنجامەکانیدا قەتیسیان دەکات و بەم شێوەیەش ناتوانن جێپەنجەی خۆیان لە ژیانی گشتیدا لە هەموو ئاستەکاندا بەجێبهێڵن. ئەمەش هەروەها زیادکردنی بەرهەمهێنانی ئابووریيان و زیادکردنی داهاتی خێزانەکانیان و کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون لەخۆدەگرێت، دەتوانن ئاستی تەندروستی بۆ خۆیان و ئەندامانی خێزانەکەیان باشتر بکەن، ڕێژەی مانەوە بۆ منداڵەکانیان بەرزبکەنەوە، بۆ ئەوەی توانایی بڕیارەکانیان کۆنترۆڵ بکەن کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکانیانەوە هەیە لە داڕشتنی ئەو ژیانەی کە


دەیانەوێت. هەروەها بنەمایە بۆ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک، لە ڕێگەی گرنگی مەعریفی و کولتوورییەکەی و ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی ڕەنگدانەوەیە، لە ئامادەکردنی کەرتە گەورەکانی عەقڵی بەرهەمدار و بەشداریکردن لە گەشەپێدان، بە درێژایی مێژووی مرۆ ڤایەتی، و بازنەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کانی، چونکە پەروەردە و فێربوون و پەروەردەکردن نوێنەرایەتی دەکرێت، ڕێچکەی ئامادەکراو سەرەتایەکە، بەرەو فێرخوازی زیاترو مامۆستایان و قوتابخانە و زانکۆکان، بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی هەلی یەکسان لە پەروەردەدا، کە بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت کە دەبێتە هۆی فراوانبوون لە هەموو قۆ ناغە کانی خوێندن و دامودەزگا کانیدا. (العتوم وآخرون، ٢٠١٧، ص١٤) بۆ لەخۆگرتنی هەموو کەسێک کە ئامادە و توانای هەیە لە کۆمەڵگا. چونکە بە ئامرازێکی بنەڕەتی و سەرەکی دادەنرێت لە بنیاتنانی توانا مرۆییەکانی پێویست بۆ پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان، چونکە ئەوان بنەمای بنیاتنانی خێزانێکی تۆکمە و خوێندەوارن، لەڕێگەی کاریگەریەکانی لە سەر پەروەردە و تەندرو ستی منداڵ، پارا ستنی پەیوەندی خێزانی و گۆڕینی لە پەیوەندییەکی تاکڕەوانە بۆ پەیوەندی هاوبە شی، پەروەردەش وا دەکات ژنان بتوانن ئەندامێکی چالاک بن، لە کۆمەڵگادا هۆشیارییان بۆ میکانیزمە یاسایی و دادوەرییەکان زیاد دەکات بۆ پاراستنیان لە پێشێلکردنی مافەکان، لەوانەش ئیستغلالکردن و توندوتیژی خێزانی. جگە لەوەش بەشداریکردنیان لە ژیانی دیموکراسی دەوڵەتدا بەرز دەکاتەوە، ئەمەش بە شدارییان لە بوارەکانی بڕیاردان و پێکهاتە فەرمییەکانی دە سەڵاتدا زیاد دەکات، پەروەردەکردنی ژنان ئەو پەیوەندییە نایەکسانانەی دەسەڵات دەگۆڕێت کە هەمیشە لە کۆمەڵگادا زاڵ بووە. هەروەها باشترین وەبەرهێنانی درێژخایەنە بۆ هەر وڵاتێک کە هەوڵی بەرەوپێ شبردنی گشتگیری کۆمەڵایەتی، دادپەروەری، یەکسانی و گەشەی ئابووری دەگرێتەبەر، لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپە کە پێدانی دەرفەتی پەروەردەیی زیاتریان کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەرفەتی یەکسان لە بواری کاردا بازاڕ و نەخشەی نوێ لە پێکهاتەی دامەزراندندا دروست دەکات، چونکە کاتێک کچان دەرفەتی فێربوونیان هەیە لە بەدەستهێنان و بەردەوامبوون لە خوێندنی باشی قوتابخانە، ئەمە کاریگەری گۆڕانکاری هەیە نەک تەنها لەسەر دەرفەتەکانی ژیانی خۆیان و بەدیهێنانی مافە مرۆییەکانیان، بەڵکو لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری فراوانتر. (https://iraqi-forum2014.com)

لە خشتەی (١) و شێوەی (١)، دیارە کە ڕێژەی ژنان لە بواری فێرکاری زانکۆی ڕاپەریندا بە پێی تێپەڕبوونی ساڵ زیاتر بووە، ئەوەش مانای پەرۆ شی ئەو ڕەگەزەیە بۆ فێرکاری و گرنگی پێدانیان لەو بوارەدا، بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ کۆی گشتی مامۆ ستایانی ژن گەیشتۆتە ٣٩ ژن لە کۆی ٢٣٥ مامۆ ستادا، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٢ گەیشتۆتە ٤٩ ژن لە کۆی ٢٦٢ مامۆستادا، وە لە ساڵانی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ گەیشتۆتە ٥٩ ژن لە کۆی ٢٨٦ مامۆستادا، واتا بە پێپەڕبوونی ساڵ ڕێژەی ژن زیادی کردووە لە بواری فێرکاریدا.

ژمارەی مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین بەپێی نازناوی زانستی و ڕەگەزسالّی ٢٠١٨-٢٠٢٣

| سالّی خوێندن | میلاك (دكتۆرا) | | | | | | میلاك (ماجستێر) | | | | | | کۆی گشتی نێر | کۆی گشتی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پرۆفیسۆر | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | | مامۆستا | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | | مامۆستا | | مامۆستای یاریدەدەر | | | | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | | | |
| 2018-2019 | 3 | 0 | 15 | 4 | 28 | 4 | 1 | 0 | 46 | 9 | 103 | 22 | 196 | 39 | **235** |
| 2019-2020 | 4 | 0 | 16 | 5 | 28 | 7 | 1 | 1 | 48 | 9 | 102 | 22 | 199 | 44 | **243** |
| 2020-2021 | 4 | 0 | 22 | 5 | 32 | 9 | 2 | 2 | 49 | 8 | 105 | 20 | 214 | 44 | **258** |
| 2021-2022 | 5 | 1 | 23 | 6 | 41 | 8 | 2 | 2 | 49 | 8 | 93 | 24 | 213 | 49 | **262** |
| 2022-2023 | 4 | 1 | 34 | 7 | 45 | 6 | 5 | 3 | 44 | 6 | 95 | 36 | 227 | 59 | **286** |

سەرچاوە: زانکۆی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ، ٢٠٢٣.




سەرچاوە: خشتەی (١).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێژەی ژنان بەرامبەر پیاو کەمە وەکو ژمارەی نێر دەگاتە ١٩٦ لە سـاڵانی ٢٠١٨-٢٠١٩ بەرامبەر ٣٩ ژن، وە زۆرترینی ســاڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٣ یە کە دەگاتە ٢٢٧ پیاو بەرامبەر ٥٩ ژن لە خزمەتگوزاری فێرکاری زانکۆی ڕاپەڕین.

وە لەکاتی ئێستادا پلەی کارگێری ڕێژەی ژن لە زانکۆی ڕاپەرین، لە کۆی گشتی لێپرساوی هۆبە و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکان و بڕیاردەری بەش و سەرۆك بەش و یاریدەدەری ڕاگر و ڕاگرو یاریدەدەرانی سەرۆکی زلانکۆ و خودی سەرۆکی زانکۆ، واتا لە کۆی گشتیان کە ١٠٣کە سن دەگاتە ١٨کەس لە ڕەگەزی ژنن واتا دەکاتە ١٧,٤٧%. (زانکۆی ڕاپەرین، ٢٠٢٣)

پەروەردەکردنی ژنان یەکێکە لەو شتانەی کە ئیسلام گەرەنتی بۆ کردوون، ئیسلام فەرمانی بە مرۆڤ کردووە فێربێت، و قسەکردنەکەش ئاراستەی هەردوو ڕەگەز بووە، زانین بۆ خانمان زۆر گرنگە بەتایبەتی، بەو پێیەی زانست سوودێکی گەورەیان بۆ دەهێنێت، لە زۆرێکدا یارمەتیان دەدات لە بابەتی ژیانیان، و یارمەتیان دەدات کە نەوەیەکی هۆشیار پەروەردە بکەن.

ژن هەمیشە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەرە، بەرپرسیارێتیەکەی قورستر دەبێت ئەگەر خاوەنی زانیاری و لێهاتوویی پێویست نەبێت، ئەمەش یارمەتی دەدات بە دروستی مامەڵە لەگەڵ ئەو فشارانەدا بکات کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، زانین یارمەتی دەدات هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێت کە دەورەی داوە، یارمەتی دەدات هۆشیارییەکەی فراوانتر دەکات، و توانای ئەوەی پێدەدات بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا بکات. (https://www.dal4you.com).

گومانی تێدا نییە کە پەروەردە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی ژن هەیە، وە لەگەڵ پەروەردەدا ژیانی بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێت، تێڕوانینی بۆ شتەکان دەگۆڕێت، زۆر شتی بۆ ئاسان دەکات، هەروەها یارمەتی دەدات لە پەروەردەکردنێکی تەندروست، ئەگەر ژنێک بێت مافی خوێندنی خۆی بەدەست بهێنێت، ڕۆڵی خۆی بە تەواوی بەجێدەهێنێت.

**تەوەری سێیەم: توانستی ژن و بەربەستەکانی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە زانکۆی ڕاپەرین:**

ژنان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ڕینێسانسی کۆمەڵگا کۆن و مۆدێرنەکاندا بینی و لە ڕێگەی ئەم ڕۆڵەوە توانای خۆیان بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری ئەرێنی لەو کۆمەڵگایانەدا نیشان دا، ئامادەبوونی بەرچاویان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پێداگرییان لەسەر وەستان لە تەنیشت پیاوان و پشتیوانیکردن لێی بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوان توخمێکی جەوهەرین لە هێنانەدی پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا. (العتوم وآخرون، ٢٠١٧، ص١٦)

ئەو گۆڕانکارییە ئەرێنییەی کە کۆمەڵگاکان بەدوایدا دەگەڕێن تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە واقیعی ژنان و تا چەند توانای ئەوەیان هەیە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگادا جێبەجێ بکەن، بەو پێیەی ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕن لە بنیاتنانی خێزانەکانیان و گرنگیدانیان، لە ڕێگەی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە دەکەوێتە سەری، ئەوان وەک دایکێک بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان وە وەک ژنێک لە ڕووی بەڕێوەبردنی خێزانەوە هەڵیدەگرێت، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بۆمان دەردەکەوێت کە ژنان نەک تەنها خۆیان پابەند کردووە بە ئەرکی خۆیان بەرامبەر بە خێزانەکانیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بەڵام لە بوارە جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی گەورەی کۆمەڵایەتیشیان هەبووە، بە پشتبەستن بە بڕوانامە زانستی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، ڕۆڵیان لە کۆمەڵگادا لە ئاستە جیاوازەکاندا

جیاواز بووە، لە خوارەوە چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەخەینەڕوو کە ژنان لە کۆمەڵگادا داگیری دەکەن: (https://www.moh.gov.bh)

١. ڕۆڵی ژنان لە چاودێری و پشتیوانیدا: ژنان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بناغەکانی چاودێری و پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە زۆر بواردا، بەو پێیەی ئەوپەڕی وزەی خۆیان لە چاودێریکردنی پەروەردە و خێزاندا بەکاردەهێنن.

٢. ڕۆڵی ژنان لە پەروەردەدا: ژنان بەشدارییەکی زۆر دەکەن لە پەرەپێدانی بناغە پەروەردەییە جیاوازەکان لە وڵاتانی جیهان، لە ڕێگەی فێرکاری سەرەتاییەوە کە یاسا و چەمکەکانی خوێندنەوە و نووسین لە ماڵەوە و لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگاکان لەخۆدەگرێت.

٣. ڕۆڵی ژنان لە شوێنی کاردا: ژنان ڕۆڵێکی سەرەکی و جیهانییان هەیە لە پەرەپێدانی شێوازەکانی کارکردن لە بوار و کەرتە پراکتیکییە جیاوازەکاندا، هەروەها بەشداری دەکەن لە بڵاوکردنەوەی کاریگەرییە ئەرێنییەکان لەسەر کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی.

٤. لەبەرئەوەی ژن ئەندامی کۆمەڵگایە، دەبێت شەریک بێت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا و بەرپرسیار بێت لە کاروبارەکانی، چونکە هاوبەشە لەگەڵ پیاوان لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆخەی گەشەکردن و پێشکەوتن کە کۆمەڵگاکان شاهیدی دەبن، پێویستمان بە هەموو هەوڵ و وزەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەگەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان بەستوو بکەین، نیوەی وزەی کۆمەڵگا لەدەست دەدەین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە ژنان نیوەی کۆمەڵگان، لێرەوە پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن بەهێز بکەین، بەردەوام پشتیوانیان بکەین، کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەو سەختییانەی کە ڕەنگە ڕووبەڕووی ببێتەوە، وەک نەریت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کە بوونی ژن پووچەڵ دەکەنەوە وە هەندێکیشیان یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێگری لە خۆبەدیهێنانی ژنان دەکەن، جگە لە سەختی ئاشتکردنەوەی ڕۆڵی خێزان و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.

بۆ ئەو مەبەستەش ١٩٣ وڵات یەکسانی جێندەرییان وەک یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی کارنامەی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠٣٠ کە لەم دواییانەدا پەسەندکرا، جێگیرکراون. لە ئەنجامدا، ١٧ ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام ئامانجی هەستیاری جێندەری لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا ئامانجی پێنجەم بە سادەیی و بە ڕوونی دەڵێت "بۆ گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی هەموو ژنان و کچان." شەش مەبەست و سێ ئامراز بۆ گەیشتن بەم شتە لەخۆدەگرێت.

سەرەڕای پێشکەوتن لە بوارەکانی وەک پەروەردە و مردنی دایکان، جیهان نەیتوانیوە ڕێژەی دامەزراندن و داهات و بارودۆخی کارکردنی ژنان لەگەڵ پیاوان بگونجێت. لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کار بۆ ژنان لە سەدا ٥٠یە، لەکاتێکدا بۆ پیاوان لە سەدا ٧٧. بەڵام هەبوونی ژمارەیەکی زیاتری ژنان لە بازاڕی کاردا بەس نییە، بەڵکو کوالیتی کارەکان ئامانجی کۆتاییە.

ژنان لە هەموو جیهاندا نزیکەی لە سەدا ٧٧ی ئەو داهاتەی پیاوان بەدەستدەهێنن و بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لە کارەکانی ماڵەوە و بەرپرسیارێتی خێزانی. لە کاتێکدا کە لەسەدا ٥١ی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار

مۆڵەتی منداڵبوون دەدەن کە لانیکەم ١٤ هەفتەیە، ملیۆنان ژن ئەم مافە سەرەتاییەیان بۆ پاراستنی منداڵبوون بە شێوەیەکی گونجاو وەرناگرن.

نوێنەرایەتی ژنان لە پۆستە بڕیاردەرەکان لە شوێنی کاردا کەمە. هەرچەندە زیاتر لە سەدا ٣٠ی هەموو کۆمپانیاکان بەڕێوەدەبەن، بەڵام ئەمە لە کۆمپانیا بچووک و بچووکەکاندا چڕ دەبێتەوە، چونکە تەنها لەسەدا ١٩ی کورسییەکانی دەستەی کارگێڕی لە کۆمپانیا گەورەکاندا لەلایەن ژنانەوەیە. لەسەدا ٥ یان کەمتر لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا گەورەکانی جیهان ژنن. بەڕوونی زۆر شتی تر ماوە کە ئەنجام بدرێت. (https://www.dal4you.com)

ژن لە ڕووی پێکهاتنەوە نیوەی کۆمەڵگایە، لە ڕووی کاریگەری لەسەر پەروەردەکردن و پێکهاتنیش هەموو کۆمەڵگایە، ئەو دایکە، خوشک، ژن، داپیرە، مامۆستا، دایکوباوک، کرێکار و هتد، و دەبێت ڕێز لە ژنان بگیرێت لە پێدانی هەموو مافەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و ژیانی کاروباری بیناسازی و گەشەپێدان و پەروەردە و خوێندنی باڵا بەشداری بکەن، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەروەردەکردنی ژنان و توانای کارکردنیان کاریگەری ئەرێنی لەسەر خێزانەکە هەبووە، جا چ لە بابەتی پەروەردەیی، ئابووری، یان تەندروستیدا بێت. ژنان لە زۆربەی وڵاتان بوونەتە هێزێکی دینامیکی پاڵپشتی گەشەپێدان و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا، بۆیە باشە جەخت لەسەر گرنگی بەهێزکردنی ژنان بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیکەن لە ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی کاریگەر، ئەوەی مەبەست لە بەهێزکردنە پرۆسەکە کە ئاماژەیە بۆ خاوەندارێتی ژنان لە سەرچاوە و توانای سوودمەندبوون و بەڕێوەبردنیان بە ئامانجی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەستکەوت بۆ پێشخستنی تاک و کۆمەڵگا.

لە خشتە و شێوەی (٢)دا دیارە کە ژمارەی خوێندکارانی هەردوو ڕەگەی نێر و مێ لە زانکۆی ڕاپەرین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ دەگاتە ٥٧٧٣ خوێندکار، کە ٢٠٠٤ لە ڕەگەزی نێرن وە ٣٧٦٩ لە ڕەگەزی مێن، کە زۆرترینیان دەکەوێتە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بە ژمارە ١٧١٥ خوێندکار وە دواتر کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەیەکانە کە دەگاتە ١٢٤٧ خوێندکار، وە کۆلێژی پەروەردەش ژمارەیان دەگاتە ١١٦٩ خوێندکار وە دواتر کۆلێژی زانست کە ژمارەی خوێندکاریان دەگاتە ١٠٢٤ خوێندکار، وە هەریەکە لە کۆلێژی ئەندازیارییە کشتوکاڵیەکان و پەرستاری و ئەندازیاری ژمارەی خوێندکاریان دەگاتە ٢٨٢ و ٢٢٤ و ١١٢ خوێندکار یەك بەدوای یەك.

خشتەی (٢) ژمارەی کۆلێژ و بەشەکان و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین ٢٠٢٣


| ژ | کۆلێژ | بەش | قۆناغی ١ | | قۆناغی ٢ | | قۆناغی ٣ | | قۆناغی ٤ | | قۆناغی ٥ | | کۆ لەسەر ئاستی بەش | | کۆ لەسەر ئاستی کۆلێژ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| 1 | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | یاسا | 18 | 53 | 19 | 41 | 22 | 35 | 20 | 16 | 13 | 19 | 92 | 164 | 527 | 720 |
| 2 | | مێژوو | 5 | 11 | 23 | 55 | 16 | 62 | 14 | 47 | | | 58 | 175 | | |
| 3 | | جوگرافیا | 7 | 24 | 30 | 45 | 28 | 50 | 15 | 44 | | | 80 | 163 | | |
| 4 | | فەلسەفە | 0 | 2 | 3 | 5 | 9 | 20 | 4 | 24 | | | 16 | 51 | | |
| 5 | | بەڕێوەبردنی کار | 25 | 27 | 15 | 12 | | | | | | | 40 | 39 | | |
| 6 | | یاسا/ئێواران | | | | | | | | | 9 | 4 | 9 | 4 | | |
| 7 | | بەڕێوەبردنی کار/ئێواران | 40 | 6 | | | | | 5 | 1 | | | 45 | 7 | | |
| 8 | | مێژوو/ئێواران | 38 | 18 | 10 | 18 | 28 | 4 | 27 | 8 | | | 103 | 48 | | |
| 9 | | جوگرافیا/ئێواران | 34 | 18 | 19 | 20 | 21 | 20 | 10 | 11 | | | 84 | 69 | | |
| 10 | کۆلێژی پەرستاری | پەرستاری | 20 | 64 | 11 | 37 | 12 | 34 | 15 | 31 | | | 58 | 166 | 58 | 166 |
| 11 | کۆلێژی پەروەردە/ قەلادزێ | زمانی کوردی | 13 | 25 | 18 | 69 | 13 | 48 | 13 | 31 | | | 57 | 173 | 368 | 801 |
| 12 | | زمانی عەرەبی | 20 | 33 | 12 | 49 | 22 | 43 | 9 | 29 | | | 63 | 154 | | |
| 13 | | زمانی ئینگلیزی | 21 | 56 | 32 | 51 | 19 | 55 | 11 | 38 | | | 83 | 200 | | |
| 14 | | پەروەردە و دەروونزانی | 2 | 17 | 6 | 36 | | | | | | | 8 | 53 | | |
| 15 | | کوردی/ ئێواران | 13 | 4 | 9 | 17 | 10 | 26 | 19 | 18 | | | 51 | 65 | | |
| 16 | | عەرەبی/ ئێواران | | | 6 | 27 | 9 | 12 | 12 | 17 | | | 27 | 56 | | |
| 17 | | زمانی ئینگلیزی/ئێواران | 21 | 31 | 27 | 27 | 16 | 16 | 15 | 26 | | | 79 | 100 | | |
| 18 | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت | زمانی کوردی | 22 | 40 | 14 | 51 | | | 2 | | | | 38 | 91 | 537 | 1178 |
| 19 | | زمانی عەرەبی | 13 | 1 | 7 | 45 | | | 5 | 10 | | | 25 | 56 | | |
| 20 | | زانستی کۆمپیوتەر | 25 | 24 | 24 | 22 | 29 | 29 | 45 | 35 | | | 123 | 110 | | |
| 21 | | ئینگلیزی | 34 | 69 | 24 | 51 | 22 | 58 | 34 | 39 | | | 114 | 217 | | |
| 22 | | باخچەی منداڵان | | 94 | | 65 | | 100 | 1 | 50 | | | 1 | 309 | | |
| 23 | | بیرکاری | 6 | 22 | 9 | 33 | 60 | 151 | | | | | 75 | 206 | | |
| 24 | | کوردی/ ئێواران | 8 | 22 | 8 | 20 | | | 2 | 2 | | | 18 | 44 | | |
| 25 | | عەرەبی/ئێواران | 14 | 5 | 6 | 6 | | | 2 | 2 | | | 22 | 13 | | |
| 26 | | ئینگلیزی/ئێواران | 30 | 40 | 25 | 31 | 40 | 34 | 26 | 27 | | | 121 | 132 | | |
| 27 | کۆلێژی زانست | بایۆلۆجی | 23 | 49 | 14 | 32 | 1 | 1 | 3 | 1 | | | 41 | 83 | 356 | 668 |
| 28 | | فیزیا | 8 | 13 | 15 | 31 | 2 | 1 | | 1 | | | 25 | 46 | | |
| 29 | | کیمیا | 49 | 82 | 35 | 66 | 44 | 72 | 40 | 89 | | | 168 | 309 | | |
| 30 | | زانستی تاقیگەی پزیشکی | 19 | 48 | 22 | 31 | 44 | 79 | 37 | 72 | | | 122 | 230 | | |
| 31 | سەرۆکایەتی | ئەندازیاری شارستانی | 35 | 10 | 21 | 11 | 10 | 9 | 11 | 5 | | | 77 | 35 | 77 | 35 |
| 32 | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان | سامانی ئاژەڵ | 18 | 30 | 9 | 26 | 12 | 23 | 12 | 15 | | | 51 | 94 | 81 | 201 |
| 33 | | باخداری | 9 | 23 | 5 | 40 | 11 | 27 | 5 | 17 | | | 30 | 107 | | |
| **کۆی گشتی** | | | 590 | 961 | 478 | 1070 | 500 | 1009 | 414 | 706 | 22 | 23 | 2004 | 3769 | 2004 | 3769 |

سەرچاوە: زانکۆی ڕاپەڕین، هۆبەی ئامار، داتای ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ، ٢٠٢٣.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شێوەی (2) ژمارەی کۆلێژ و خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین 2023




سەرچاوە: خشتەی (٢).

**ئاستەنگەکانی توانای سیستەمی ناوچەی بۆ پێشخستنی ژنان:**

کێشـــەکە لە بوونی یاســا و یاســادانان و دەســتوورەکاندا نییە کە بەرەوپێشــبردنی ژناندا هەن، بەڵکو لە توانای جێبەجێکردنیان و بوونی ئیرادەی سیاسی و پتەویی پێگەی ژنان بەرامبەریان. لەم چوارچێوەیەدا دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١- مەنهەج و سیستمە هاوچەرخەکانی پەروەردەی ناوچەکە، تا چەند وەڵامی ئەو بەربەستانە دەدەنەوە کە بە سەر ژنان ســەپێنراون، و چۆن دەتوانرێت مەنهەجی خوێندنی گشــتی و زانکۆیی پەرەپێبدرێت، و ئاســۆی مەعریفە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکرێتەوە بە شــێوەیەک کە ژنانی کوردیش بتوانن لە گۆڕانکارییەکانی ســەردەم تێبگەن لە لایەک و ڕێگەیەک بۆ دەرچوون بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار نوێبووەوە لە لایەکی ترەوە؟کۆتا؟

٢- ئایا ســیســتەمی میدیای ناوچەی کاردەکات بۆ بەهێزکردنی ژنان، و چۆن دەتوانرێت کادیری میدیایی پەرەپێبدرێت کە لە پێشــینەیی ژنان بخاتە لوتکەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگا و گوتاری میدیایی ســەبارەت بە ژنان پێشبخات؟

٣- چۆن دەتوانین دووڵی ژنانی کورد بۆ بەشداریکردنی سیاسی ڕوون بکەینەوە، لایەنەکانی گەشەپێدانی یاسایی چین کە پێویستن بۆ چالاککردنی ڕۆڵی ژنان لە بڕیاردان بە هەموو فۆرمەکانیدا؟

٤- گرنگترین کارامەیی نوێی کارکردن کە پەیوە ندیدیان بە ئابووری زانینەوە هەیە چین و چۆن دەتوانرێت ئەم کارامەییانە لەنێو ژنانی هەرێمدا پەرەپێبدرێت؟

٥- تێنەگەیشتن لە هەندێک یا سای ئایینی تا چەند ڕێگری دەکات لەوەی ژنان ڕۆڵی خۆیان وەک هاوبەشێکی تەواو بۆ پیاوان بەڕێوەببەن؟



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ڕاسپاردە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی ژنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکاندا:**

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی ژنانی هەرێم دەبنەوە و دەرچوونیان لەو سووڕە خراپەی نەهامەتی و نەهامەتیانەی کە خۆیان تێیدا بەستووە و بە کۆت و بەندیان گرتووە و بەهێزکردنیان و بەرزکردنەوەی ڕۆڵیان لە ژیانی گشتیدا، سەرەتا پێویستی بەوەیە کە ئاگاداری گرنگی ڕۆڵی خۆیان بن لە کۆمەڵگادا و درک بە گرنگی پەروەردە بکەن لە باشترکردنی توانای داوای مافەکانیان. پێویستە ژنان ئەمانەی خوارەوە بزانن:

١- دەستنیشانکردنی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە و یاسای نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی کە پەیوەندییان بە مافەکانی ژنانەوە هەیە، کە گرنگترینیان مافی بەدەستهێنانی پەروەردەیە.

٢- گەڕان بەدوای ئەو دەرفەتانەی کە لەبەردەستدان لە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکاندا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شایەتحاڵی دەکات، دیارترینیان جیهانگیری و شۆڕشی پەیوەندیدارە لە جیهانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاریدا، کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت لایەنە ئەرێنییەکانی پەیوەست بە ژنان زۆرترین بێت، کە دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر پێگە لە گەشەپێدانی ژنان و فراوانکردنی دەرفەتەکانی ژیانیان.

٣. ئاشکراکردنی ئەوەی کە دەستوور سەبارەت بە ژنان بە گشتی و گەشەپێدانیان بەتایبەتی دیارییان کردووە، ئەمەش کۆمەڵێک یاسا و یاسا و هەموارکردنی ئەم دواییە دەگرێتەوە کە هەر وڵاتێکی عەرەبی بە تاک دەرچووە، جا چ لە سەر دەستپێشخەری خۆی بێت یان وەک وەڵامێک بۆ... پێداویستییەکانی بڕیارەکانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی ژنان یان تەنانەت وەک ڕێگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشارە نێودەوڵەتییەکان. بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت کە ئەم وڵاتانە پابەندی یاساکان بن یان گۆڕینی یاسا و یاساکان کە خواستەکانیان سنووردار دەکات. (https://www.teachercc.org/uploads/articles)

**دەرئەنجامەکان:**

١. لە توێژینەوەکانی جوگرافیادا، شوێنی جوگرافی گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت، چونکە شوێن بریتییە لە دەرخستنی جوگرافی ناوچەیەك کە لە هەموو کاتیکدا کاریگەری هەیە، شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوەش بریتییە لە زانکۆی ڕاپەڕین کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای شاری ڕانیە کە سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیە.

٢. خزمەتگوزاری فێرکردن بنەمایەکی سەرەکیە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگاکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان و دواکەوتنی کۆمەڵگایە، بوونی کادیری زانستی و تەکنیکی و پیشەی کە یارمەتیدەرن لە بنیادنانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژی پشت بە فێرکردن دەبەستێت، بۆیە هەر وڵاتێك لە هەر بوارێکدا بیەوێت پێش بکەوێت پێویستە بە فێرکردن دەست پێبکات.

٣. زانکۆ بریتییە لە دەزگایەکی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە لە چەندین بواری جۆراوجۆر نمرەی ئەکادیمی دەبەخشێت، یاخود دەزگایەکی زانستی ئەکادیمییە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیاریکراودا کارو ئەرکی ڕۆشنبیری خۆی جێبەجێدەکات، لەم ڕووەوە زانکۆ بەشێکە لەم سیستەمەی کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات.

٤. ڕێژەی ژنان لە بواری فێرکاری زانکۆی ڕاپەریندا بە پێی تێپەڕبوونی ساڵ زیاتر بووە، ئەوەش مانای پەرۆشی ئەو ڕەگەزەیە بۆ فێرکاری و گرنگی پێدانیان لەو بوارەدا، بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ کۆی گشتی مامۆستایانی ژن گەیشتۆتە ٣٩ ژن لە کۆی ٢٣٥ مامۆستادا، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٢ گەیشتۆتە ٤٩ ژن لە کۆی ٢٦٢ مامۆستادا، وە لە ساڵانی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ گەیشتۆتە ٥٩ ژن لە کۆی ٢٨٦ مامۆستادا، واتا بە پێپەڕبوونی ساڵ ڕێژەی ژن زیادی کردووە لە بواری فێرکاریدا.

٥. ژمارەی خوێندکارانی هەردوو ڕەگەی نێر و مێ لە زانکۆی ڕاپەرین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ دەگاتە ٥٧٧٣ خوێندکار، کە ٢٠٠٤ لە ڕەگەزی نێرن وە ٣٧٦٩ لە ڕەگەزی مێن، کە زۆرترینیان دەکەوێتە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بە ژمارە ١٧١٥ خوێندکار وە دواتر کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەیەکانە کە دەگاتە ١٢٤٧ خوێندکار، وە کۆلێژی پەروەردەش ژمارەیان دەگاتە ١١٦٩ خوێندکار وە دواتر کۆلێژی زانست کە ژمارەی خوێندکاریان دەگاتە ١٠٢٤ خوێندکار، وە هەریەکە لە کۆلێژی ئەندازیارییە کشتوکاڵیەکان و پەرستاری و ئەندازیاری ژمارەی خوێندکاریان دەگاتە ٢٨٢ و ٢٢٤ و ١١٢ خوێندکار یەك بەدوای یەك.

٦. کێشە لە بوونی یاسا و یاسادانان و دەستوورەکاندا نییە کە لە بەرەوپێشبردنی ژناندا هەن، بەڵکو لە توانای جێبەجێکردنیان و بوونی ئیرادەی سیاسی و پتەویی پێگەی ژنانە بەرامبەریان.

**ڕاسپاردەکان:**

١. بەهێزکردنی پابەندبوون و کردار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتمانی و ناوخۆیی بەرەو بەهێزکردنی پێگەی ژنان و بەشداریکردنیان لە گەشەپێدان.

٢. قەدەغەکردنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک لە دژی ژنان، بەرەوپێشبردنی بەهاکانی ناتوندوتیژی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە کۆمەڵگادا لە گرنگی ژنان و پاراستنی مافەکانیان.

٣. ئامادەکردن و جێبەجێکردنی هەنگاوە سیستماتیکییەکان بۆ هەموو داتاکان، ئامادەکردنی ئامارەکان، و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ژنان، لێکۆڵینەوە لە دۆخەکەیان، و دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگری لە بەهێزکردنی ژنان دەکەن لە بوارە جیاوازەکانی گەشەپێدان.

٤. پەرەپێدانی ستراتیژییە نیشتمانییە پێویستەکان بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان و دڵنیابوون لە بەشداریکردنی کاریگەریان.

٥. چالاککردنی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری خوێندنی باڵا و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

٦. دامەزراندنی کۆڕبەندی ڕۆشنبیری کە ڕۆڵی ژنان بەرز بکاتەوە.

٧. باشترکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ سەرجەم زانکۆکان و پەیمانگاکان کە بەدەست کەمی ئاستی خوێندنەوە دەناڵێنن بۆ کچان.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

١. مصطفى، فاطمه قادر، (٢٠٢٠)، جوگرافیای خزمەتگوزرای، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ،

**نامەی ماستەر:**

١. ئەحمەد، پشتیوان شەفیق، (٢٠٠٩)، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە.

٢. تۆفیق، پێشـــڕەو ســـەمەد، (٢٠٠٩)،شـــیکردنەوەیەکی شـــوێنی دانیشـــتوانی شـــاری ڕانیە (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە.

**گۆڤار:**

١. سەلیم، مستەفا (٢٠٠٧)، ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕین نەکرا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە ١٩.

٢. صـــالح، میران محمـد (٢٠١٦)، پڵنـەرە کۆمـەڵایـەتیـەکـانی خوێنـدن لای فیرخوازی زانکۆ (توێژینـەوەیـەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان). گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (١٠).

٣. العتوم، میســـون وائل و خضـــر وائل العتوم و عبیر دبابنة، المرأة الأردنیة في التعلیم و في العمل دراســـة في المجتمع الأردني، مجلة العلوم الإنسانیة والاجتماعیة، المجلد٤٤، العدد٤، جامعة الیرموك، ٢٠١٧.

**ئامارەکان:**

١. زانکۆی ڕاپەرین، هۆبەی ئامار، داتای ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ، ٢٠٢٣.

٢. زانکۆی ڕاپەرین، هۆبەی ئامار، داتای ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ، ٢٠٢٣.

**سەرچاوەی ئەنتەرنێت:**

١. https://iraqi-forum2014.com

٢. https://www.dal4you.com

٣. https://www.moh.gov.bh

٤. https://www.teachercc.org/uploads/article